

# ئەوكاتەی دەسەڵات لە خەڵك دادەبڕێ

# هەڵەبجە وەك نموونە

عەلی كەریم دەینوسێت

ڕوداوەكەی هەڵەبجە و ئەو جێكەوت و پەرچە كردارانەی كە لێیكەوتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن كە دەسەلاٌت و خەڵكی ئێمە بوونەتە دوو جەمسەری لێكدابڕاو، بەڵكو تێنەگەیشتوون لە یەكتر، كە دەكرێ ئەمەش دەروازەی تێكدانی هاوسەنگی نێوان ئەو دوو جەمسەرەبێت! كە ئەم هاوسەنگییە ڕۆحی كۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرنە.

لە دیموكراسیەتی هاوچەرخدا شەرعیەتی سیاسی تەنها ئەوە نییە كە دەسەلاٌت بە ڕێگای شەرعی واتە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێكی سپی و تەندروستەوە بەپێی خواستی زۆرینە و لەگەڵ گرەنتیدان بۆ پاراستنی مافی كەمینە پێكهاتبێت !. بەڵكو شەرعیەتی سیاسی پێویستی بەنوێكردنەوەی بەردەوامی نوێنەرایەتی خەڵك و دانەبڕان لە خواست و داوا ڕەواكانیان هەیە، بە شێوازە جۆراوجۆرە مەدەنییەكان، چ لە ڕێگەی دایەلۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵك و چ لە ڕێگەی نووسینگە تایبەتییەكانی دەسەلاٌت لە ناوچە جیاجیاكان... چ لە ڕێگەی ڕاپرسی بەردەوام و چ لە ڕێگەی سەرنجدانی ڕای گشتی بەتایبەت ئەوەی كە لە میدیاكاندا بەرجەستە دەبێت.. خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا ئەوا شەرعیەتی سیاسی ئەو دەسەلاٌتە دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە و لە خواست و رازیبوونی خەڵك دادەبڕێ و دەبێتە جەمسەرێكی بێكاریگەر لە بەختەوەركردنی هاولاٌتیدا.

ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا و ئەو كاردانەوانەشی كە دروستیكردن ئەوە دەكاتە پێویستییەكی حەتمی كە بە شەرعیەتی دەسەلاٌتی كوردیدا بچینەوە، چونكە شەرعیەتێكە ڕازیبوون و خۆشەویستی زۆرینەی هاولاٌتیانی ئەم كوردستانەی لەدەستداوە !!

بەمەش نەك لە خەڵك تێناگا یاخود نایەوێت تێبگا، بەڵكو بەردەوام خەڵكی ناوچە جیاجیاكانی ئەم ولاٌتە بە تێكدەر و خیانەتكار و دەستی بێگانەی هەلپەرست دەداتە قەڵەم، كە دواجار خوێنی ڕەخنەكان وشكدەكات و ڕەخنەی خوێن و فیشەك دەكاتە حەكەم.

پێموایە ئەمە عەقڵیەتێكی فیرعەونی لێوانلێو لە پارادۆكس و ناكۆكییە، هەر بۆیە جیاوازی قبوڵ نییە، (نا)و (بۆ)ی كەسی قبوڵ نییە؟! گەیشتە قۆناغێك كە خواستە هەرە سادەكانی هاولاٌتیانی خۆی بە خیانەت و كارەسات وێنا بكات بۆ ڕای گشتی.. دەسەلاٌتێك بە هەموو تواناكانییەوە لە كامێرای ڕۆژنامەنووسێك و لە هۆیهای خۆپیشاندەران بترسێ و بە گولله و بە پۆستاڵ وەلاٌمبداتەوە!! گەیشتبێتە حاڵەتێك لە بنبەست كە هەرگیز نەتوانێت هەرسی نەوەی نوێ بكات!!! بە هەموو پێوەرێك لە گەل دابڕاوە.. كە ئەمەش سەرەتای دروستبوونی دكتاتۆریەتە... دەروازەیەكە كە تیایدا تێكرای ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ دەكەونە بەردەم مەترسی جدییەوە... یەكێك لە جیاوازییەكانی كۆمەڵگا مۆدێرن و كراوەكان لەگەڵ كۆمەڵگا كلاسیكی و داخراوەكان ئەوەیە كە لە هەردووكیاندا كێشە هەیە، بەلاٌم لە یەكەمدا هەركێشەیەك كە ڕوودەدات هەرسدەكرێت و بەدوای هۆكار و پاڵنەرە ڕاستەقینەكانیدا دەگەڕێن هەربۆیە دەتوانن بگەنە چارەسەر، بەلاٌم لە كۆمەڵگا داخراوەكاندا هەموو كاریان لەگەڵ ئەنجامی كێشەكانە نەك هۆكارەكان بەمەش كێشەكە بە بەردەوامی دوادەخرێت. بۆیە هەر كێشەو قەیرانێك دەبێتە منداڵدانی لەدایكبوونی چەندین قەیرانی دیكە... كە بەداخەوە كۆمەڵگای ئێمە دەچێتە حاڵەتی دووەمەوە.

ڕووداوەكەی هەڵەبجە ئەگەر ناچاری بە بەخۆداچوونەوەمان نەكات هەموو پرەنسیپ و بەها دیموكراسییەكانمان دەكاتە دروشمی سیاسی بێناوەڕۆك... هێندەیتر مەودای نێوان دەسەلاٌت و خەڵك فراوان دەبێت... هێندەیتر خەڵك و دەسەلاٌت لەیەكتر ناگەن یان ڕاستتر دەسەلاٌت لە خەڵك تێناگات... هێندەی تر بێڕێزیكردن بەرامبەر ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ دەبێتە مێژووی ئێمە !!!

* چالاكوانێكی مافی مرۆڤە لە كوردستان